# نامەکەی عەبدوللا گویل بۆ ئیسلامیەکان

سامی ئەرگۆشی
ergoshi@nefel.com

وەك ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە عەبدوللا گویل ـ ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا نامەیەکی بۆ حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان ناردووە و بە پێی دوا ژمارەی هەفتەنامەی جەماوەر لەو نامەیەدا گویل داوای لەو حیزبە ئیسلامیانە کردووە پەیوەندیان لە گەڵ پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی دەستهەڵاتدار و تورکیا بە گشتی پتەو بکەن، دوێنی بەڵگەی راستیی گەیشتنی ئەو نامەیە دەرکەوت.

رۆژی 23ی ئەم مانگە یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بانگی پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراقی کرد بۆ ئەوەی لە سەر هەڕەشەکانی تورکیا بە هاتنەناوەوەی کوردستان کفتوگۆ بکەن و لەمبارەیەوە هەڵوێستێك بنوێنن.

لە هەرسێ لایەنە ئیسلامیەکەی کە گوایە نامەکەی گویل ـ یان بۆ چووە کە (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) ن، بە تەنیا بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان خۆیان لە بانگهێشتی کۆبوونەوەکە دزیەوە و ئامادەی نەبوون.

وەك سەرچاوەیەك لە لایەنی رێکخەری کۆبوونەوەکە کە یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانە ئاشکرای کرد؛ بزووتنەوەی ئیسلامی کە ئامادەی کۆبوونەوەکەش ببوو؛ راگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەکەی کە پرۆتەستۆکردنی هەڕەشەکانی تورکیایە ئیمزا نەکردووە و خەڵکی دیکە لە جیاتیان ئیمزای کردووە، بۆیە پێم وایە ئەمە بەڵگەیەکە بۆ راستیی گەیشتنی نامەکە!.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003